گۆران سالّح:
عەشق ویّرانی کردم

سازدانی: ئاوێنەکان

گۆران سالّحی گۆرانیبێژی لاو، خەون بەوەوە دەبینێت کە لەپاشەڕۆژدا بتوانێت لەبواری هونەردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو لەشارەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، گۆرانی بلّێت. هەروەها سەبارەت بەگۆرانی (من عاشقم) دەلّێت «ئەوەش چیرۆکێکی لەپشتە، چونکە عەشق وێرانی کردم».

ئەو لەبنەمالّەیەکی هونەریی لەسەرەتای مانگی یەکی ١٩٨٥ لەشارۆچکەی رەواندز لەدایکبووەو دوای تێپەڕینی دە ساڵ بەیەکجاریی هاتوونەتە شاری هەولێر، دواتر توانیویەتی بڕواتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرو لقی دەرهێنانی بەشی شانۆی تەواو کردووە، بەلّام بەهۆی حەزو خولیاکانی لەبواری هونەردا، لەبەشی موزیکی کۆلێجی هونەرەجوانەکان وەرگیراوەو ئێستا لەقۆناغی سێیەم دەخوێنێت.

گۆران بەو پێیەی لەبنەمالّەیەکی هونەریی ژیاوە، سوودێکی باشی لەو کەشوهەوایە وەرگرتووە، بەتایبەتی لەڕێگای موزیسیان (سەفین سالّح)ی برایەوە، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆربەی گۆرانیبێژو موزیکژەنەکان وەرگرتووە. پاشان جێگیر بوونی لەسەتەلایتی کوردستان، دەرفەتێکی دیکەی بۆ هاتۆتە پێشەوەو سەرەتا لەبەرنامەو دراماى منداڵانەوە دەستی بەکارکردن کردووەو پاشان چۆتە بواری ڕووناکی دانانو بەهاوکاری ئەو هاوڕێیانەی کاری لەگەڵ کردوون، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

کارکردنی لەو بوارەدا وایلێکردووە ببێتە خاوەنی بڕوانامەی باشترین ڕووناکی دانەر لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان لەفیستیڤاڵی ڤیدیۆ کلیپ لەشاری زاخۆ ساڵی ٢٠٠٦، هەروەها بۆتە خاوەنی بڕوانامەی (ستار ئەکادیمی) لەوڵاتی تورکیا لەبواری جێبەجێکردنی کلیپ، هەروەها خاوەنی خەڵاتی لاوی ئەم ساڵە لەبواری موزیکو گۆرانی لەلایەن وەزارەتی وەرزشو لاوانو ڕێکخراوی ئازادی لاوان ساڵی ٢٠٠٨، ئێستاش وەکو ڕووناکی دانەرو دەرهێنەر لەکۆمپانیای چوارچرا کار دەکات.

گۆڤارنەوەی چیرۆکی ژیانی رابردوویو شکستەکانی خۆشەویستیو مەرجەکانی بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، لەم دیدارەی ئاوێنەکاندا دەدرکینێت.

گۆران دوای دەرچوون لەپەیمانگا ساڵی ٢٠٠٥، یەکەمین گۆرانی بەناوی (گوڵی تەمەن) تۆمارو کلیپ کردووە، دواتر گۆرانی (من عاشقم)و پاشان لەگەڵ گۆرانیبێژ (نازدار) پێکەوە گۆرانی (ئەی بۆ واتکرد) یان کلیپکرد.

ناوبراو تائێستا ئەلبومی گۆرانی نیە، لەبەرئەوەی پێیباشە بەم شێوەیە کار بکات، گۆرانییەک تۆمار بکاتو بڵاوییکاتەوە، ئەوەش بۆ هەلومەرجی هونەریی کوردی دەگەڕێنێتەوە.

ئەو پێیوایە سەرکەوتنی هەر گۆرانییەک دەگەڕێتەوە بۆ خودی گۆرانییەکە، نەک بۆ گۆرانیبێژەکە، چونکە بڕوای وایە ئەگەر گۆرانیبێژێک لەهەڵبژاردنی گۆرانییەکدا سەرکەوتوو نەبێت، لەوتنیشیدا سەرکەوتوو نابێت، لەو بارەیەشەوە باسی گۆرانی (ئەی بۆ واتکرد) دەکات کە پێکەوە لەگەڵ نازدار وتیان «ڕاستە هونەرمەند نازدار توانایەکی زۆر باشی هەیەو خەڵک دەیناسن، خاوەنی کەسایەتییەکی جوانەو زووتر دەڕواتە ناو خەڵکەوە، بەلّام گۆرانییەکەش پێشتر هەبووە، ئێمە تازەمان کردەوە، وەک ئامادەکردنیش موزیسیانی هاوڕێم کاک شیاو کەمال موزیکێکی جوانی بۆ دانایەوەو بەهەوڵی هەموو برادەران توانیمان ئیشێکی جوان بکەین، سوپاسی کاک عیرفان زەنگەنەش دەکەم لەکۆمپانیای چوارچرا کە یارمەتی زۆری دام».

> ڕێکەوت نەبوو بۆ من ئەگەر ڕووبەڕووی جەماوەرێکی باش ببمەوە

هەروەها دان بەوەدا دەنێت کە گۆرانی (من عاشقم) لەتێکستو ئاوازی هونەرمەند (هەردی سەلاح)، کارێکی جوان بووەو لەگوندێکی دەروبەری ڕەواندزو ناو شاری ڕەواندز بەسیستەمێکی پێشکەوتوو کلیپیان کردووەو ئەو کچەکەی ڕۆلیشی تێدا بینیوە خەڵکی شاری بەغدادەو پێشتر لەبواری کلیپدا کاری نەکردووە، بەلّام توانیویەتی بەباشی ڕۆڵ ببینێت.

پڕۆژەیەکی دیکەی ئەم گۆرانیبێژە لاوە، ئێستا لەلایەن موزیسیانی بەتوانا، سەید ئەحمەد ڕەواندزی کاری تێدا دەکرێت کە گۆرانییەکە باسی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکاتو ڕەنگە لەگەڵ کچە بێژەرێکدا پێکەوە بیڵّێین، بەلّام لەبەرئەوەی کارەکەیان لەقۆناغی سەرەتادایە، پێی باش نەبوو وردەکاری زیاتری لەبارەوە ئاشکرا بکات.

ئەم گۆرانیبێژە، حەز ناکات باسی سەرکەوتوویی لەکارەکانیدا بکات، بەلّام خۆشحاڵە بەوەی کە بەشێوەیەکی ئامادەکراوی دەستی داوەتە کاری هونەریی «بەشێوەیەکی زۆر باش خۆم ئامادەکرد، دواتر کارم کرد، بۆیە ئەوەندە دەڵّێم ڕێکەوت نەبوو بۆ من ئەگەر ڕووبەڕووی جەماوەرێکی باش ببمەوە، چونکە هەر کارێکی باش ئامادەیی ئەوەی هەیە زۆرترین کەس تەماشای بکەن، دڵنیاش بووم ڕۆژێک لەڕۆژان دەبمە کەسێکی بەناوبانگ لەوڵاتدا، بەلّام من ئیشم بۆ ناوبانگ نەکردووە، بەڵکو کاری من پەیامێکی هونەرییەو لەهونەرەوە بۆ هونەرە».

گۆران ئەو بۆچوونە پشتراست دەکاتەوە کە لەدوای دەرکەوتنیەوە لەلایەن کۆرانو کچانی گەنجەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت «ڕاستە زۆربەی پەیوەندییەکان کچانن، بەلّام کۆرانیش بەهەمان شێوەن، زۆربەی پەیوەندییەکانیش داوا دەکەن بەرهەمی باشتریان پێشکەش بکەم، بەڕای من ئەگەر خەڵک نەبێت، هونەرمەندیش نابێت، بەلّام لەنێو پەیوەندییەکاندا حاڵەتی شازیش هەر دەبێت».

ناوبراو پێیوایە عەشق سنووری نییە، بۆیە لەم دیدارەدا نهێنی عاشق بوونی خۆی دەگێڕێتەوە «پێشتر عاشق بووم، ئەوەش جەنگێک بوو کۆتاییەکەی بەدەست من نەبوو، بەلّام بەشکستخواردوویی نەهاتمە دەرەوە، بەڵکو قەدەرێک بوو نازانم چۆن هات، بەلّام ئێستا عاشق نیم، چونکە ئەگەر زۆر وریا نەبێت تیایدا دەخنکێیت، زۆر هەستیاریشم بەرامبەری، چونکە عەشق وێرانی کردم، ئێستا خەریکم خۆم بینا دەکەمەوەو جارێکیتر نامەوێ ئەو بینایە بڕووخێت، چونکە بەداخەوە لەم وڵاتەدا عەشقی جوان کەمە».

هەرچەندە دوای ئەو چیرۆکی خۆشەویستییەی، تائێستا لەبەرنامەیدا نییە، کەی ژیانی هاوسەریی پێکەوە دەنێت، بەلّام مەرجی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر ئەوەیە کە سەربەستیو ئازادییەکانی ئێستای لێنەسەنێتەوەو ڕێز لەهونەرەکەی بگرێت، بەپێکەنینیشەوە دەڵّێت «نابێت خەنەش بدات لەپرچی، چونکە زۆر رقم لەخەنەیە».